# خونچه بۆ نه‌بوو به گوڵ ؟

## نامه‌یه‌ك بۆ دایك و باوكی لاڤه

به‌ڕێزان  دایك و باوكی "خونچه‌ی نازدار" سلاٌوتان لیٌ بیٌت و ئه‌م كاته‌تان شاد به‌م  نامه‌یه‌ پرسه‌و سه‌ره‌خۆشی خۆم  ئاڕاسته‌ی  ئیٌوه‌  ده‌كه‌م  ,  هاوخه‌می و ناڕه‌حه‌تی قوڵی خۆم به‌و تاوانه‌ی  به‌رانبه‌ر " خونچه‌ی چوار ساڵ " ئه‌نجامدرا ده‌رده‌بڕم , هیوادارم كۆتای ناخۆشیتان بیٌت و جاریٌكیتر  هیچ خیٌزانیٌك ئازیزو پارچه‌یه‌ك له‌ جه‌رگی خۆیان له‌ نیٌو كولانه‌و ژیٌر دڕك وده‌وه‌ندا نه‌دۆزنه‌وه‌  .          به‌ڕیٌزان  ......  دایك  و  باوكی  "  خونچه‌ " من ئه‌زانم له‌ ده‌ستدانی كۆرپه‌یه‌كی  ئازیز و ناسكی وه‌ك " خونچه‌ " چ ئازارو ژانیٌكی له‌ جه‌سته‌و ده‌روونی ئیٌوه‌دا دروست   كردووه‌ , من ئه‌زانم   هه‌ر شه‌ویٌك كه‌ جیٌگای خه‌و داده‌خه‌ن و لیٌفه‌و دۆشه‌ك و سه‌رینه‌ خنجیلانه‌كه‌ی " خونچه‌ " به‌بیٌ ناز ئه‌میٌنیٌته‌وه‌ چه‌ند یادگاری و یاری و گه‌مه‌ی منالاٌنه‌ی ئه‌و په‌پووله‌تان بیر ده‌كه‌ویٌته‌وه‌  , من ده‌زانم   جیٌگای خاڵی   ئه‌و له‌سه‌ر سفره‌ی نان   خواردن پڕ نابیٌته‌وه‌و قاپ و كه‌وچكه‌ بچووكه‌كه‌ی  ئیتر نایه‌ته‌وه‌  سه‌ر خوانی خیٌزان , من ده‌زانم ئه‌وه‌ی ئیتر " خونچه‌ " ده‌رگای حه‌وشه‌ له‌ باوكی ناكاته‌وه‌و له‌ باوه‌شی پڕ له‌ سۆزی دایكی دانانیشیٌت برینیٌكه‌و به‌رده‌وام ده‌كولیٌته‌وه‌  .                به‌ڕیٌزان دایك و باوكی " خونچه‌ "                                 سه‌ره‌تای  قسه‌كانم سۆزیٌكی  ئینسانی  و باوكانه‌یه‌   ,   چونكه‌   منیش   بۆ خۆم باوكم و ناتوانم خۆم له‌و هه‌سته‌ بدزمه‌وه‌و بۆ ئیٌوه‌ی ده‌رنه‌بڕم , به‌لاٌم قسه‌كانی ترم  دیاره‌  شتیٌكی تر ده‌بیٌت  له‌گه‌ڵ ئیٌوه‌ی  به‌ڕیٌز  , سه‌باره‌ت به‌و كاره‌سات و  تاوانه‌ی ده‌رهه‌ق به‌ "خونچه‌" و سه‌رجه‌م ئینسانیه‌ت ئه‌نجام درا  .                من له‌سه‌ر خه‌تی نامه‌كه‌م   بۆ ئیٌوه‌ی به‌ڕیٌز   ئه‌و پرسیاره‌م كردووه‌ , خونچه‌ بۆ نه‌بوو به‌ گوڵ  ؟  مه‌به‌ستم  له‌م  پرسیاره‌  ئه‌وه‌یه‌  " لاڤه‌ كه‌ ئیٌوه‌ پیٌتان ئه‌ووت خونچه‌ " بۆ گه‌وره‌  نه‌بوو , هه‌ر به‌  منالی و به‌ " خونچه‌ی "  ژاكیٌنراو ژیانیان لیٌ سه‌نده‌وه‌ , ئایا  " خونچه‌ " یه‌كه‌م مناڵه‌ له‌ ژیان مه‌حروم كرابیٌت ؟          به‌دڵنیایه‌وه‌ نه‌خیٌر " خونچه‌ " نه‌ یه‌كه‌م مناڵه‌و نه‌ ئه‌خیر مناڵیش ده‌بیٌت ئه‌گه‌ر هه‌لومه‌رج و ژیان و مافه‌كانی منالاٌن  وه‌ك  ئیٌستا بڕوات ,  منالاٌن ئه‌و ئینسانه‌ بچووكانه‌ن  كه‌ به‌شی  شیٌریان  به‌ركه‌ووتووه‌  له‌  چه‌وساندنه‌وه‌  و  بیٌماڤ  له‌ كوردوستاندا , لیٌدان له‌ ماڵه‌وه‌و له‌ خویٌندنگا , كاری قورس و بۆیاخچیه‌تی له‌ بازاڕ , كوژران به‌ گوله‌ی ویٌڵ و سووتان , خنكان له‌ نیٌو ڕووبار  و زیٌرابه‌ ته‌واو نه‌بووه‌كان , سه‌یری  لاپه‌ڕه‌ی  هه‌ر  ڕۆژنامه‌یه‌ك ده‌كه‌ی  ده‌یان  هه‌واڵی جه‌رگ  بڕی له‌  سه‌ر منالاٌن تیٌدایه‌ , له‌ بیرتان دیٌت  هه‌ر  له‌ نزیكی خۆتانه‌وه‌ منالیٌكی چاوگه‌شی وه‌ك " ئازاد ئه‌بوبه‌كر " یان  سه‌ربڕی , به‌داخه‌وه‌  ئه‌و كات خه‌ڵك و كۆمه‌ڵگا خامۆشیان  هه‌ڵبژارد و , ده‌سه‌لاٌتدارانیش  نا مه‌سئوول  بوون , ته‌نها ده‌نگیٌك ووتی نه‌خیٌر بۆ كوشتن و   چه‌وساندنه‌وه‌ی  منالاٌن ئه‌و سه‌نته‌ره‌بوو كه‌ ئیٌستاش له‌ په‌نا ده‌ستی ئیٌوه‌دان , منالاٌن و كیٌشه‌كانی منالاٌن شتیٌك نیه‌ ته‌نها په‌یوه‌ندی به‌و مالاٌنه‌وه‌ هه‌بیٌت كه‌ جگه‌ر گۆشه‌كانیان   له‌   په‌نایه‌كدا ده‌ستیٌكی ڕه‌ش وه‌ك ده‌سته‌كه‌ی " داده‌ مریه‌می ئه‌فسه‌ر " ده‌خریٌته‌ سه‌ر گه‌ردنیان و , له‌ چركه‌یه‌كدا ژیان ته‌سلم به‌ مه‌رگ ده‌كریٌت و  , منالیٌك دوا هه‌ناسه‌ی ته‌نگه‌تاوی ده‌رده‌كات  , منالاٌن و مافه‌كانیان , منالاٌن و

کێشەکانیان مەسەلەیەکی ئینسانی و کۆمەڵایەتیەو پەیوەندی بە هەموومانەوە هەیە , پێریَ " ئازاد ئەبوبەکر " دوێنیَ " خونچە " بەیانی منالَی یەکێکیترمان , ڕۆژانە فێر دەبین کە تەنها ئەوەندە بەس نیە مەرگی منالێك ببیستین و پشتگوێی بخەین , چونکە ئەم دۆزەخەی ناوی نراوە ژیان و , وەك دەستاڕ ژیانی منالاَن دەهاڕێت , ڕۆژانە خەریکە بە شێوەی جۆراو جۆر تەقە لە دەرگای هەمووومان دەدات , لە کۆمەڵگا یەکدا تەنها یەك خالٌ و یەك یاسا نەبێت بەرگری لە منالاَن بکات , ئیتر کلاَوە شڕەیەك بۆ کەسمان نامێنێتەوە تا دەستی پێوە بگرین و بلێین قەینا ئاگرە سورە لە خۆم دوورە .

بەڕێزان دایك و باوکی " خونچە گیان " ئەبێت هەمووومان بیرێك لە منالاَن بکەینەوە , ئەبێت مەسئوولیەتێك لە خۆمان نیشان بدەین , ئەبێت کاتێك کارەساتێکی وەك ئەوەی ئێوە ڕوو دەدات , بیر لە منالَی دراوسێو کەسانی تر بکەینەوە , ئەبێت ئیتر نەیەلَین " خونچەکانمان نەبن بە گولٌ " ئەم کارە خەبات و ئامادەی دەوێت , ئەم کارە پێش هەرکەس دایك و باوك و کەس و کاری " خونچەکان " و ئینساندۆستانی دەوێت کە هەڵسووڕاوی بزووتنەوەکەیین .

سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالاَن ئەو میکانیزمەیە , ئەگەر ئێوە بە هێزی بکەن و ببنە ئەندام و هەڵسووڕاوی دلَنیاتان دەکەم مەرگی" خونچەکان "کەمتر دەبێتەوەو دەسەڵاتدارانیش ئیتر ناتوانن منالاَن و مافەکانیان فەرامۆش بکەن , دووبارە خۆم بە شەریکی خەمتان ئەزانم و ئەلَێم تەنها گریان و خەم خواردن بەس نیە , با دەست بخەینە دەستی یەك و پشتیووانی منالاَن بین .

هیدایەت مەلا عەلی
hidayat_malaali@yahoo.com